# ئیسمی ویژدان و عەدالەت بێ مووسەممایە و درۆ
# هەر قسەی رووتە قسەش ناچێتە گیرفانەوە

**نوری بێخاڵی**

بابەتێکی (ئیسماعیل هاولاّتی)ی هاوکارم لە ژمارە (9)ی کۆواردا زۆر سەرنجی راکێشام، ئەگەرچی دەزانم کە ئەوە تەنها حاڵەتی کەسێك نییە لەم ولاّتە، کە بە مەمرە و مەژی شەو دەکاتەوە رۆژ و بە پێچەوانەشەوە، بەڵکو بە دەیان و سەدان و رەنگە بە هەزاران خێزانی تریش هەبن، بەم مەینەتی نەبوونی و نەداری و هەژارییەوە بناڵێنن، چونکە لە مەملەکەتێکدا کە تەنها دەستەبژێرێکی زۆر زۆر کەم، کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن لەسەر حیسابی من و تۆ و ئەم و ئەو و بەبێ رشتنی دڵۆپێك عەرەق ژیانیان لەوپەڕی خۆشیدا بێ و ولاّت هەروا پڕ بێت لە بێدادی و نایەکسانی، کێرڤی هەژاری و گەندەڵی و پەتای کۆمەلاّیەتی هەر بەرەو سەر هەڵدەکشێ.

لە پیاسەیەکمدا بە نێو بازاڕ و بەدەم بیرکردنەوە لە هەناسەی ساردی ئەو خێزانە، لە پڕێکدا پیرە پیاوێکی بەسالاّچووی خێزاندار کە چاوی فرمێسکی تێزابوو، هاتە پێشم و گوتی مامۆستا دەبنووسە، من مووچەم (130000)هەزار دینارە و (75000)هەزاری دەدەمە کرێ و ئەم مانگەش خاوەن خانوو پێی گوتووم ئەگەر دەیکەیتە (100000)هەزار ئەگینا چۆڵی بکە و ئێستاش سەرەتای مانگە و خێزانەکەم نەخۆشە و پێویستی بە پزیشکە و پارەی عیادەم نییە و لە مووچەکەم پەنجا و پێنج هەزارم ماوە، نازانم بەشی چی دەکات، لەوەش خۆشتر و زۆری نەبرد هەر لەو رۆژانە هێشتا چارەی خێزانەکەی نەکردووە، کابرا لەسەر بان کەتوۆتەخوار و قاچ و قولی شکاوە، ئیدی بەدەردی پەندە کوردییەکە "رازی نەبوو بە ئەسمەرێ، عەباساغەش هاتە سەری"، زۆری نەبرد لەولاتر و لە بن گوێسوانەیەکدا پیرەمێردێکی تر گوتی توخوا بۆ باسی وەزعی ئێمە ناکەن،

چییە ناوێرن، یان دەمتان چەور کراوە؟ ئەوەتا کوڕەکەم خاوەن کۆشێ سەر خێزانە و مووچەکەی (330000) هەزار دینارە و (100 دۆلار) دەداتە کرێ و ناچار کراوە ئەم مانگە بۆی بکاتە (150 دۆلار) ئەگەرنا دەبێ خێمەیەك لەو شارە هەڵبدا، کە چەند رۆژێك پێش ئێستا خەڵکی موستەفید و سەڵت و خزمی مەسول سەر و پارچە زەویان وەرگرت، رەنگە تێیدابێت دووەم جاریەتی وای لە سێیەم، هەشیانە نیوەی زەوییەکانی حکومەتی فرۆشت و گەڕەکێکیان بۆ خۆیان لە شوێنێکی دی دروستکرد و لێرەش دیسان زەویان وەرگرت، هەر سێ تا چوار هەنگاو دوورکەوتبوومەوە کە قەسابەکانی ناو بازاڕ گلەییان لێکردم کە بەس باسی سەرپێچی ئەوانم کردووە و نەموێراوە گلەیی ئەوانیش بدرکێنم، گوتیان ئەگەر راست دەکەیت و ناترسیت بە حکومەت بڵێ با قەسابخانەیەکمان بۆ دروست بکات، بە جەنابی دکتۆریش بەیتەریش بڵێ بەیانییەکەی خەو لە خۆی بزڕێنی و هەڵسێ ئاژەڵە سەربڕاوەکان بپشکنێ و مۆرێك بنێ پێیانەوە، نەك تا کاتژمێر نۆی بەیانی لەبەر دەرگای بەڕێزیان ببینە پاسەوان، چییە جەنابی خەوتووە..!!

هاوشارینۆ من و هەموو خەڵك ئەو شتانە باش دەزانین، زۆریشمان گوت و باسمان کرد دادی نەبوو، بۆیە بەو خەڵك و هاوشارییانەی خۆم دەڵێم نە ترساوین و نە دەترسێین و نە پیاوی دەم چەورکردنیشین، ئەگەر وابووایە ئێستا وەزع شتێکی تر بوو، بڕوا بکەن ئێمە زۆر لەوەش زیاتر دەزانین، دەزانین بەرپرسی سەربازی هەیە وەك ئەوەی میراتگری باپیرانی ئەو شارە بێت نیوەی زەوییەکانی شاری بۆ خۆی دابڕیوون، هەشیانە لە یەك کاتدا مووچەی سەربازی و هی تر وەردەگرێ، ئاگاداری ئەوەشین چەند ژنی بەڕێوەبەر و بەرپرسی حکومی و حزبی فەرمانبەری بن دیوارن و دەوام ناکەن و مووچەیان یان بە نیوە، یاخود بە تەواوی بۆ دەچێتە ماڵەوە، دەزانین بەرپرسی فەرمانگەی حکومیش هەیە ژن و کوڕ و بووك و کچی خۆی لای خۆی، یان لای هاوپۆستێکی فەرمانبەرن و بە فول مووچە و بێ دەوام دامەزراندووە، باش دەزانین خەڵك هەیە بە بڕوانامەی پۆلی یەك و دووی ناوەندی و بە وەزیفەی حەماڵ!! دامەزراوە، کەچی بە "کن فیکون"ێك کراوەتە بەڕێوەبەری بەشێکی گرنگی بەڕێوەبەرایەتییەکەی، بەلاّم چی دەڵێیت کە رۆژ تا ئێوارە باس لە گەندەڵی و بێدادی و نایەکسانی بکەیت و کەس گوێت بۆ نەگرێ؟ چی دەکەیت کە کەس نەبێت یاسای کرێ بەسەر خاوەن خانوو بسەپێنێ و کۆنترۆڵی ئەو بەرەلاّییەی نرخەکانی بازاڕ بکات؟

ئەی چی بکەین و بڵێین، کە ئێوەی هاولاّتیانیش زۆربەتان تەنها پیاوی تاریکی و قسەکەری بن دیوارانن و زاتی ئەوە ناکەن بە ئاشکرایی و راشکاوی بەرگری لە مافەکانتان بکەن؟ لەبەردەمتان و لەسەرەی خۆتان، لە بەنزینخانەکان بەرپرسان بەگ دادەنێن متەقتان لێوە نایەت..بە تەنیشتتانەوە خزمەتگوزاری بە تەجاوز بۆ کەسێك دەچێت جورئەتی قسە و سکالاّکردن ناکەن..وەك سەرانە هەندێ کارمەندی هەندێ دەزگا لەبەرامبەر کارێك کە ئەرکی خۆیانە پارەتان لێوەر دەگرن، کەچی قرتەپی لێدەکەن و بە مەمنوونی پارەی دەدەنێ..لەگەڵ ئێوە و لە فەرمانگەکانتان خەڵك و خزم و نزیکی بەرپرس و بەڕێوەبەرەکەتان هەیە دەوام ناکات و مووچەش وەردەگرێ و بێ دەنگن و تەنها لە پەنا و پەسێوان بۆڵە بۆڵ دەکەن، ئەگەر ئێوەش راست دەکەن، کورد گوتەنی "مشکان مەیدان نەخواردووە"، فەرموون لە ئێوە شکاندنی بێدەنگی و هێنانەوەی بەڵگە، لە ئێمەش نووسین و بلاّوکرنەوە و قسە لەسەر کردن، بەڵکو ئێ هەندێ لە بەرپرسانیش کە هێشتا خوێنی ویژدان و کوردایەتی

له جەستەیاندا جووڵەی دێت، نمەکی شەهیدان بیانگرێ و جارێك ویژدانی خۆیان ئاسوودە بکەن و نەك هەر بەکابرای حازر خۆری بەرسێبەر و ئەوەی لە چاوتروکانێکدا گیرفانی پڕبووە بڵێن "ئەوەت لە کوێ بوو؟!"، بگرە ریسوا و شەرمەزار، کار و شار بەدەری بکەن و بیکەنە نێچیری یاسا!!